# مارشی جیهانی ژنان

ناوەڕۆکی ئەم هەواڵە لە(ئیلاف)وە وەرگیراوە، 7. 3:

سبەی، ڕۆژی سێشەمە، 000 30ژن لە شاری(سان پاولۆ)ی بەرازیل، ژنان دەستپێدەکەن بە مارشێکی جیهانی و نیاز وایە لە 53دەوڵەتدا تێپەڕن پێش ئەوەی لە17ی ئۆکتۆبەر بگەنە بۆرکینا فاسو(یەکێك لە هەژارترین وەڵاتانی ئەفریقیا). مەبەستی ئەم مارشە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی(پەیمانی جیهانی ژنان)ە کە بە درووشمی( یەکسانی، ئازادی، دادپەروەری و هاوپشتی) بانگەوازی بۆ دەکەن. یەکێك لەو چالاکییانەش کە ئەنجامدەدرێ ئەوەیە، لە 14 شاری (کۆلۆمبیا)دا، لە دژی جەنگی ناوخۆ پرۆتێستۆ دەکەن.

لە 12 ئەم مانگە، پەیماننامەکە لە سەرسنووری شاری بۆرتۆ کسافییر، دەدرێ بە دەست کۆمەڵی لە ژنانی ئەرژەنتین، ئۆرگوای، و بارغوای و لە مانگی ئایار دەگاتە ئۆروپا پاشان، لە قۆناغی سێهەم دەگاتە ئاسیا پێش ئەوەی بگاتە دوا وێستگاکەی لە ئەفریقا.

لە پەیماننامەکەدا هاتووە: سیستێمی باوکسالاری، سیستێمی داپلۆسینی ژنانە و سەرمایەداری سیستێمێکە بۆ لەنگەرگرتنی چەوسانەوەی کەمایەسییە بۆ زۆربەی ژنان و پیاوان.) و بانگەوازی دامەزراندنی جیهانێکی تر دەکا کە، تێیدا ڕێز لە فرەڕەنگی، ماف و ئازادی بۆ هەموو ژنان و پیاوان بگیرێت.)

هەروا ڕاپۆرتێکی نیشتیمانی بەرازیلی لە242لاپەڕەدا کە لە ساڵی2002بڵاوکرایەوە، ئاشکرای کرد کە سەرەڕای ئەوەی لە 17ساڵی ڕابردوودا، پێشکەوتنی گەورە کراوە لە بواری یاسادانان، بەڵام ژنان هێشتا لە مافەکانیان بێ بەشکراون. گەرچی ئێستا چیتر پیاوان ناتوانن بیانوی"شەرەفپاراستن"بهێننەوە بۆ کوشتنی ژنەکانیان، بەڵام هەر 15چرکە ژنە بەرازیلییەك دەکەوێتە بەردەم لێدانی هاوسەر یان دۆستەکەی. لە ماوەی 1995-2002، 42یاسا دەرکراوە کە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بارودۆخی ژنانی چاکردووە وەك یاسای پشوودانی منداڵهێنان بۆ ژنانی کارگەر لە لادێیەکان، فەرمانبەرانی ماڵان و دایکانی بە بەخێوکردن، بە بێ ئەوەی لە کرێی کارەکەیان کەم بکرێتەوە هەروا یاسای دژ بە تاوانی زووتکردن، توندترکرا.